# قسەیەکی گەرم لەخەم ساردی

**عومەرمحەمەد**

بەپروپاگەندەی لایەنگرانی دیموکراسی بازاڕی ئازاد بوایە، لەمێژبوو ئێمە لەگەرمای هاویندا پێویستمان بەپانکەوسپلیتوموبەریدە نەبوو،بەڵکو شنەبای فێنکی دیموکراسی سەرو زیادمانبوو، بەوەعدوبەڵێنی دواکەوتوانی سیاسەتی ئەمریکا بوایە لەزستاندا ئەوەندە نەوتمان بۆ دەهاتەماڵەوە قەشمەریمان بەسەرمای زستان دەکردو لچمان لێ هەڵدەقورتاند.

کەچی ئەفسووس.. سەدەی بیستویەك سەدەی "ڕوخانی دیکتاتۆرەکان" نەك جیهانی بۆنەکردینە ماستی مەیوو، وەکو پروپاگەندەیان بۆدەکردین، بەڵکو ئاسودەیشی بۆکردینە کونەوەو بزەوپێکەنین وەکو نەوتو بەنزینەکە لەقەیرانی قوڵدانو دەست هەموو پیاوێك ناکەون!!

ئاخر قەدبووە لەدنیای ئازاد دا لەسەر ئازادی سەرکۆنە بکرێیتوپێت ڕابوێرن ؟ ئەی ئێمە نەبووین لەسەر ئەوەی صدام عەریف شورتەیەکی نەفامی کردبووە وەزیر، پێمان دەگوت فاشیودیکتاتۆر؟ کەچی خۆمان لەوە تەریق نابینەوە دەیان وەزیروبەپرسی نەخوێندەوارو دەستوپێ سپیو ئەندام پەرلەمانی خەواڵوومان هەیە؟!! کورە ئاخر خواتان بێت ئەگەر سەدام بەکەڵەگاییوپشت ئەستور بەزەبرو زەنگو جەبەرووتی بەعسیانەی خۆی، ئەو ناماقوڵیانەی لە سیاسەتو حوکمڕانیدا دەکرد خۆ بەحساب ئەمانەی لای ئێمە لەسەردەمی دیمۆکۆاسیو بەهەڵبژاردنی دیموکراسیانە دانراونو ئەو پۆستانە وەردەگرن. بۆیە ناماقوڵی نیە ئەگەر بڵێین: سەدەی دیموکراسی هاوکات سەدەی خەراباتو پیاوی خراپو گەندەڵیو قەیرانی ئەخلاقو بەخشینەوەی فیراقو مەراقە. سەردەمی تیرۆرو هەلکوتانە سەرماڵانە.

باواز لەسیاسەتی ئەمریکاومەمەریکاش بێنین..بابێین تەماشایەکی پاشەڵی خۆمان بکەین؟ بابزانین چۆن خۆمان بەرێوە دەبەین؟ ئەری کە سەدام ڕۆی ئەم هەموو پیاوە خوێنڕێژەی دوای ئەومان بۆچی یە؟ حکومەتی دیموکراسی کاری بەوانە چیەو چ خێرێکمان بۆ دەدەنەوە؟ ئێستا باواز لەوانەش بێنینو باسێکی گەرم لەسەرمای زستان بکەین، ئەری خۆ سەدام نەوتەکەی عێراقی نەبردە قەبرە تاریکەکەی خۆییو باوکییەوە، ئەم نەوتە بۆ لێمان چووە قوللەی قافو دەبێت لەئێرانو تورکیاوە بۆمان بێتەوە؟! بۆئەوەی قازانجەکەی بکەن بەتۆپوخومپارەو لەسەر سنورەوە پێوەمان بنێنەوە؟ هەڵبەت دەبێت وابێت دەنا ئەگەر هەموو دنیا لەسەری نەوتی من شەڕی بێت من نەوتی ئێرانم بۆچیە؟!